# پارتی و یەکێتی بە سەرکوت و ملهوڕی
# دەیانەوێ دەنگدان بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسە پێنن!

ئەمڕۆ یەکێتی و پارتی بۆ شەرعیەتدان بەلکاندنەوەی کوردستان بەعێراق و سات و سەوداو دانوستانەکانیان لەگەڵ باڵە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزمی عەرەب بۆ دابەشکردنی کورسیەکانی دەسەلاٌت و سەرمایەی عێراق لە نێوان خۆیاندا پێویستیان بە دەنگدانی خەڵکی کوردستانە. بەهەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن خواست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەم چوارچێوەیەدا لە قالٌب بدەن، ڕۆژانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە بەرۆکی خەڵکی کوردستان دەگرن کە پێویستە مل بەم ڕەوەندە بدەن و ناچار بەوەیان بکەن کە بەشداری هەڵبژاردن و دەنگدانێکی لەمجۆرە بکەن.
ئەم حزبانە بۆ زامن کردنی کورسیەکانیان بەرژەوەندیەکانیان بەدوای دەیان کۆبوونەوەی پشتی پەردە دەستورێکی فاشی و قوڕەیشی یان لەگەڵ ئەو هێزە کۆنەپەرستانەدا ئیمزا کرد. بەلاٌم کە بینیان لاوانی ئازادیخواز و دڵ پڕ لەهیوای کوردستان مل بەم کۆنەپەرستیە نادەن و بەشداری هەڵبژاردن ناکەن سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان هەتا شەخسی مسعود بارزانی کەوتنە گرتنی بەرۆکی لاوانی کوردستان و هێرش کردن و سووکایەتی کردن و شێواندنی خواست و داواکاری و نارەزایەتیەکانی لاوانی کوردستان.
لەلایەکی تریشەوە جگە لە بۆمبابارانی تەبلیغاتی ڕۆژانە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە دەیان و سەدان کۆڕو سیمینار و کۆبوونەوە ئازادە یەك لە دوایەکەکانی خۆیان بەڕێ خست بۆ ڕازی کردن و چەواشەکردنی خەڵك، بەلاٌم هاوکات لەم کەش و هەوا ئازادەی خۆیاندا دەمی کۆمەڵگایان بەست و سەرەڕای نیگەرانی و توڕەیی لاوان و ژنانی کوردستان لە لکاندنەوەی کوردستان بەعێراق و ئیمزاکردنی دەستورێکی قوڕەیشی هیچ دەنگێکی ناڕازی لە هیچ مینبەر و کەناڵێکەوە نەبیسترا و ڕێگای پێ نەدرا. لەگەڵ ئەوەشدا دوور لەهەر پرەنسیپێکی سیاسی و ئەخلاقی کەوتنە سەرزەنشت و سەرکۆنە کردنی لاوانی کوردستان کە بەو تەبلیغاتەی ئەوان نەخەڵەتابوون.
بەکورتی پارتی و یەکێتی بۆ کورسی و سەرمایەی خۆیان ئەوەیان لەبیرچووەتەوە کە لەگەڵ کۆمەڵگایەکدا مامەڵە دەکەن، بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە بەهەر نرخێك بێت دەبێ خەڵکی کوردستان تەبیعەتی قازی هەبێ هەرچی مسعود بارزانی و تاڵەبانی ئیمزایان کرد (ئەگەر دەستوری قوڕەیشیش بێت)دەبێ خەڵکی کوردستان قبوڵی بکات و مۆری بکات بۆیان.
هەروەها تیژکردنەوەی نووکی ڕمی شۆفینیزمی قەومی و هێرشی ئەخلاقی و هێنانە سەر شاشەی دوواکەوتووترین ئەفکاری دارزیوی ناو کۆمەڵگا سیمایەکی تری هەوڵی یەکێتی و پارتی بووە بۆ ناچارکردنی خەڵك بۆ ملدان بە دەنگدان. هەڵڕشتنی ژەهراوی وەك: ئەوەی بەشداری دەنگدان نەکات تیرۆریستە.. خائنە... ئەوەی دەنگ نادات کورد نیە و بۆی نیە هەوای کوردستان هەڵمژێت.. بۆ ڕێزگرتن

لەخوێنی شەهیدان ... دەبێ دەنگ بدرێت...، ئەمانە و زۆری تریش فەرهەنگی کەمپینی تەبلیغاتی پارتی و یەکێتی بووە بۆ سەپاندنی هەڵبژاردن و دەنگدان بەسەر خەڵکدا.

بەم کارانەیان فەزایەکیان بەسەر کۆمەڵگای کوردستان و زەینی خەڵکدا خوڵقاندووە کە ئینسان زۆرجار هەستی مەترسی لەسەر خۆی دەکات ئەگەر مل بە دەنگدان بە لیستی ئەم حزبانە نەدات.

پارتی و یەکێتی سەرەڕای ئیدیعا باق و بریقەکانی دیموکراسی ڕازیش نین بەوەی هیچ حزبێك لە کوردستاندا ئەگەر باوەڕی بەم هەڵبژاردنەش هەبێ لە دەرەوەی لیستی ئەوان دابەزێت و بەشداری هەڵبژاردن بکات. چونکە ئەمە زەرەر لە ژمارەی کورسیەکانیان دەدات ئەمەش لەگەڵ دیموکراسیەکەی یەکێتی و پارتی دا ناگونجێت. یەکگرتووی ئیسلامی کە چەندین ساڵە لە پەرلەمان و وەزارەتەکانیاندا شەریکیان کردوون و دانی خێریان پیادا دەنێن، ئەمڕۆ بە جیابوونەوەی یەکگرتووی ئیسلامی لە لیستەکەیان نەفەسی دموکراسیان پێ نەماوە و بە بیانووی پڕو پووچ بە هەموو شێوازێك هێرش دەکەنە سەر ئەم هاوپەیمانەی دوێنێ ی خۆیان.

هەموو ئەم کردەوانە نەك لەگەڵ هیچ پرەنسیپ و سیستەمێکی هەڵبژاردن دا ناگونجێن بەڵکو بۆ خۆی ئەوە دەسەلمێنێت ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراق و کوردستاندا بەڕێوە دەچێت و ناویان ناوە هەڵبژاردن هەموو شتێکە، تەنها هەڵبژاردن نەبێ.

ئەمڕۆ یەکێتی و پارتی لە کلاوڕۆژنەی دەنگدانەوە سەیری خەڵکی کوردستان دەکەن. ژیان و تەنانەت زیندوو مانەوەی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوان ئەوەندە نرخ و گرنگی هەیە کە دەنگیان بۆ بدەن. بڕیاری ئەوان ئەوەیە بە خۆشی بێت یان ناخۆشی خەڵکی کوردستان دەبێ ئەم کارە بۆ ئەوان ئەنجام بدەن و کورسەکانیان گەرمتر و نەرمتر بکەن و سەرمایەکانیان بۆ زیاتر بکەن. ئەوەش کە خەڵکی کوردستان خواست و داواکاری و ناڕەزایەتیان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان وباشترکردنی ژیان و گوزەرانیان نیشان داوە بایەخێکی نی یە دەبێ خەڵك ئەم شتە بێ بایەخانەی ژیانیان لەبیر خۆیان ببەنەوە.

سامان ئەحمەد

٢٠٠٥/١٢/٧